# ڕەهەندەکانی ڕیفۆرمی ئایینی لە ئەوروپا

سەردەم




بزوتنەوەی چاکسازی ئایینی لە ئەوروپا، بە یەکێک لە قۆناغە ناوازەو گرنگەکانی ئەو کیشوەرە ئەژمار دەکرێت. گرنگی ئەم قۆناغە بەڕادەیەکە، کە کلیلی تازە بوونەوەی خۆرئاوایە و سەرەتایی کۆتایی مێژوی دورودرێژی سەدەکانی ناوەڕاستیشە.

بۆ تێگەیشتن لە مێژوی هاوچەرخی ئەوروپا، دەبێت سەرەتا بە بزوتنەوەی ڕیفۆرمی ئایینی دەست پێ بکەین، چونکە ئەم بزوتنەوەیە بوو بە بەردی بناغەی مۆدێرنەی ئەوروپی و بوو بە دەسپێکی قۆناغێکی نوێ لە مێژوی هاوچەرخی ئەوروپیدا.

ئـــەم بزوتنەوەیـــە ئەگەرچی لە ســـەرەتای دەسپێکردنیدا، هەراو زەنایەکی گەورەی نایەوەو بە گران لەســـەر خەڵکی ئەو کیشوەرە کەوت، بەڵام دواتـــر دەرەنجام و ئاکامی گەلێک گرنگی لێکەوتـــەوە، کە تا ئێســـتاش کاریگەریەکانی بەردەوامن.

ئەم بزوتنەوەیە لە سەدەی شازدەداو لە ئەوجی ستەمکاری و گەندەڵبونی کڵێسای کاتۆلیکیدا بە دەرکەوت، ڕێبەرانیشی بریتیبوون لە "مارتن لۆتـــەر" و "جـــۆن کاڵڤن" و "ئیراســـموس". بە گژاچونەوەی دەسەڵاتی کڵێساش لەو قۆناغەدا کارێکی هەراو ئاسان نەبوو، بۆیە لە سەرەتاوە "لۆتـــەر" و هەوادارانی بۆ چاکســـازی ئایینی، ڕووبەڕوی فشـــارێکی گەورەی پیاوانی ئایینی و زۆربـــەی زۆری دەســـەڵاتداران و کۆمەڵگـــە بوونەوە. تا ئێستاش مێژونوسان باس لە دزێوی و نا مرۆڤایەتی ئەو ڕەفتارو تاوانانە دەکەن کە لەو کیشـــوەرەدا دژ بە پرۆتستانت مەزهەبەکان کراون.

لە زۆر زمانـــی زیندوی جیهاندا بە کتێب و وتارو لێکۆڵینەوە، ئەم قۆناغە گرنگەی مێژووی مرۆڤایەتی بەســـەر کراوەتەوەو زۆری لەســـەر نوســـراوە، بەڵام ئەوە بـــۆ یەکەمجارە بە زمانی کـــوردی و بەو شـــێوە ئەکادیمی و هەمەلایەنە، ئـــاوڕ لەم بابەتە زیندووە بدرێتەوە. ئەم کتێبە قەوارەکەی 179 لاپەڕەیەو نوسەرەکەی پشتی بە ژمارەیەکی بێشومار سەرچاوە بەستووە.

جگە لە پێشەکیەکی تێرو تەسەل، لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە:

-بەشـــی یەکەمیان، باس لـــە هەلومەرجی ئەوروپا دەکات بەر لە سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ڕیفۆرمی ئایینی.

-دووەم بـــەش، تایبەتە بە ســـەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی بزوتنەوەی ڕیفۆرمی ئایینی.

-بەشی سێیەمیش، باس لە ڕیفۆری ئایینی و ئەنجامەکانی دەکات، لەسەر ژیانی ئابوری و سیاسی و کۆمەلایەتی.